Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

TURVAPAIKKA-,
MAAHANMUUTTO- JA
KOTOUTTAMISRAHASTO
Euroopan unionin tuella

# گوێگرتنی دبلن لە فەرمانگەی کۆچدا

تۆ بانگهێشت کراویت بۆ گوێگرتنی فەرمانگەی کۆچ. تکایە ئەم ڕێنماییە بە وردی بخوێنەوە، کە باسی ماف و بەرپرسیارییەکانت دەکات لە گوێگرتنەکەدا. ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە سەبارەت بەم ڕێنماییانە، دەتوانیت لە سەرەتای گوێگرتنەکەدا پرسیارەکەت لە کارمەندی فەرمانگەی کۆچ بکەیت.

## مەبەست لە گوێگرتنەکە چیە؟

- تۆ داوای پەنابەریت کردووە لە فینلەندا. هەتاکو ئەوە ڕوون نەکرێتەوە کە چی وڵاتێک بەرپرسیارە لە تاوتوێکردنی داواکەت، فەرمانگەی کۆچ بە شێوەیەکی وردتر داواکەت تاوتوێ ناکات.
- لە گوێگرتنەکەدا ئەو شتانە ڕوون دەکەینەوە کە کاریگەرییان بۆ سەر ئەوە هەیە کە، ئایا داواکەت لە فینلەندا تاوتوێ دەکرێت یان ناکرێت. لە گوێگرتنەکەدا بنەماکانی مافی پەنابەری ڕوون ناکرێتەوە.
- ئەوەی کە لە چ وڵاتێکدا داواکەت تاوتوێ دەکرێت، لەسەر بنەمای ئەو ڕیکارە دەبێت کە بە پێی ڕێسای دبلن دیاری کراوە کە بەشێکە لە یاسای یەکێتیی ئەورووپا.
- فەرمانگەی کۆچ لەسەر بنەمای گوێگرتنی دبلن ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چی وڵاتێک بەرپرسیارە لە تاوتوێکردنی داواکەت و ئایا داواکەت وەردەگیرێت بۆ ئەوەی لە فینلەندا لێکۆڵینەوەی تیا بکرێت یان نا.
- وڵاتانی دبلن بریتین لە هەموو وڵاتانی یەکێتی ئەوروپان و نەرویج و سویسرا و ئایسلەندا و لیختنشتاین.
- هەروەها ئەگەر پێشتر پاراستنی نێودەوڵەتیت لە وڵاتێکی تری یەکێتی ئەوروپا وەرگرتبێت، دەتوانرێت واز لە داواکەت بهێنرێت و لێکۆڵینەوەی لێ نەکرێت. لەو کاتەدا پرسیارەکە لەسەر ڕێکاری دبلن نییە. لەم حاڵەتەدا لە گوێگرتنەکەدا ئەو هۆیانە ڕوون دەکرێنەوە کە بۆچی دەبێت سەرەڕای ئەوەش داواکەت لە فینلەندا تاوتوێ بکرێت.
- ئەگەر ئەندامی خێزانت لە فینلەندا هەیە، دەبێت بۆ مۆڵەتی نیشەتەجێبوون لەسەر بنەمای خێزان داوانامەیەکی تایبەت پێشکەش بکەیت کە بە پارەیە.

## مافەکانی تۆ لە گوێگرتنەکەدا چین؟

- مافی ئەوەت هەیە کە پارێزەرێک لەگەڵ خۆتدا بهێنیت بۆ گوێگرتنەکە. پارێزەر بە بیرکردنەوەی خۆی بڕیار دەدات بۆ بەشداری کردن لە گوێگرتنەکەدا.
- پێویستە تۆ خۆت پارێزەر بگریت. ئەگەر پارێزەر نەهێنیت بۆ گوێگرتنەکە، دەتوانین گوێگرتنەکە بەبێ پارێزەریش ئەنجام بدەین.
- لە گوێگرتەکەدا وەرگێڕی زمان هەیە. ئەرکی وەرگێڕ ئەوەیە کە بێ لایەنانە هەموو ئەو شتانە وەرگێڕێت کە لە گوێگرتنەکەدا دەوترێن. وەرگێڕ یان لە شوێنەکدا ئامادە دەبێت یانیش دەتوانێت لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە یان لە ڕێگەی پەیوەندیی ڤیدیۆییەوە وەرگێڕانەکە بکات.
- کارمەندی چاوپێکەوتنکار و وەرگێڕ و پارێزەر ئەرکی بەنهێنی پاراستنیان لە ئەستۆدایە، واتە ئەوان ناتوانن هیچ شتێک لەو قسە و باسانەی کە لە گوێگرتنەکەدا گوێبیستی دەبن بۆ هیچ کەسێکی دەرەکی باس بکەن. دەتوانین ئەو بابەتانەی کە باسیان دەکەیت لە ئەندامانی خێزانەکەت بە نهێنی بگرین، ئەگەر ئاشکراکردنیان ببێتە مایەی مەترسی یان زیان بۆ خۆت یان بۆ کەسە نزیکەکانت. دەتوانیت لەم گوێگرتنەدا ڕاوبۆچوونی خۆت لەو بارەیەوە باس بکەیت.
- ئەو بەڵگەنامانەی کە تایبەتن بە تۆ لە بنەڕەتدا بڕیاری بەنهێنی پاراستنیان لەسەرە.

## ئەرکەکانت چین لە گوێگرتنەکەدا؟

- لە بەرژەوەندیی خۆتدایە کە هەموو ئەو شتانەی کە کاریگەرییان بۆ سەر داواکەت هەیە لە گوێگرتنەکەدا ڕاستییەکەی بڵێیت.
- لە بەرژەوەندیی خۆتدایە کە باسی شتە زەحمەتەکانیش بکەیت.
- ئەگەر شتێکت لەبیر نەماوە یان نایزانیت، هەوڵ مەدە لە خۆتەوە وەڵام بدۆزیتەوە. پێدانی زانیاری هەڵە، باوەڕکردن بەو شتانەی کە باسیان دەکەیت لاواز دەکات.
- لە گوێگرتنەکەدا زانیارییە کەسییە دروستەکانت ڕابگەیەنە. ئەگەر ئەو بەڵگەنامانەت نییە کە لەسەر بنەمایان دەکرێ ناسنامەی کەسێتیی تۆ پشتڕاست بکرێتەوە، پێویستە هەموو هەوڵێک بدەیت بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەنامەکان و بیانگەیەنیتە فەرمانگەی کۆچ. ئەو جۆرە بەڵگەنامانە دەکرێت بۆ نموونە بەڵگەنامەکانی ناسنامەی کەسێتی یان بەڵگەنامەی گەشتکردن بێت. ئەو زنیارییە کەسییانەی کە پێشکەشت کردوون، لە داهاتوودا تەنها بە بەڵگەنامەی باوەڕپێکراوی ناسنامەی کەسێتی کە لەلایەنی فەرمییەوە دەرکرابێت دەتوانیت بیانگۆڕیت.
- فەرمانگەی کۆچ زانیارییە کەسییەکان و بنەماکانی داواکەت لە سیستەمی تاوتوێکردنی کەیسەکانی کاروباری بیانیەکاندا تۆمار دەکات، کە تۆمارێکی فەرمیە.
- پێشکەشکردنی زانیاریی ناسنامەی کەسێتیی هەڵە بە لایەنە فەرمیەکان یان پێشکەشکردنی زانیاریی هەڵە بۆ تۆمار کردنی لە تۆمارە فەرمیەکان دا بە پێی یاسا تاوانێکە کە سزای بەدواوەیە.
- ئاگاداربە، پێشکەشکردنی زانیاریی هەڵە یان شاردنەوەی زانیارییە ڕاستەکان بۆی هەیە لە داهاتوودا ببێتە هۆی کشاندنەوەی ئەو مۆڵەتەی کە پێشتر پێت دراوە و تاوتوێکردنی بابەتەکانی دیکەش قورس بکات.

## چۆن باشە خۆت بۆ گوێگرتنەکە ئامادە بکەیت؟

- پێش گوێگرتنەکە خۆت بە هەموو ئەو ڕێنمایی و بڵاوکراوانە ئاشنا بکە کە لە لایەن کاربەدەستانەوە پێت دراون. هەردەم گرینگە کە خۆت ئاشنای ئەو بڵاوکراوانەش بکەیت کە پەیوەندییان بە ڕێکاری دبلنەوە هەیە. ئەگەر ئەو بڵاوکاراوانەت لا نیە، ئەوانە لە پەیجەکانی ئینتەرنێتی فەرمانگەی کۆچ دەبینیتەوە: migri.fi/esitteet. بڵاوکراوەکان لە ژێر ناونیشانی " Turvapaikka ja Dublin-menettely" دان.
- ئەگەر هۆیەکی پاساودراوت هەیە بۆ ئەوەی داوا بکەیت کە وەرگێڕەکە یان چاوپێکەوتنکارەکە ژن بێت یان پیاو بێت، لەو بارەیەوە لە کاتێکی زوودا پێش گوێگرتنەکە لەگەڵ کارمەندی ناوەندی پێشوازی (کەمپ) قسە بکە. ناوەندی پێشوازی داواکەت دەگەیەنێتە فەرمانگەی کۆچ. فەرمانگەی کۆچ هەڵیدەسەنگێنێت کە ئایا هۆیەکە پاساوی هەیە یان نا .
- ئەگەر باری تەندروستیی جەستەیی یان دەروونیت بەجۆرێکە کە کاریگەری لەسەر بەرێوەچوونی گوێگرتنەکە دەبێت، کارمەندی ناوەندی پێشوازی ئاگادار بکەرەوە. ناوەندی پێشوازی دەتوانێت لەسەر ڕەزامەندیی خۆت بەر لە گوێگرتنەکە پەیوەندی بە فەرمانگەی کۆچەوە بکات.
- دەتوانیت خواردەمەنی یان پارەی نانی نیوەڕۆ لەگەڵ خۆتدا بهێنیت.
- ئەو حەب و دەرمانانە لەگەڵ خۆتدا بهێنە کە لەو ڕۆژەدا پێویستت دەبن.
- هەموو ئەو بەڵگەنامە و ڕوونکردنەوانە لەگەڵ خۆتدا بهێنە کە پەیوەندییان بە داواکەتەوە هەیە. لە گوێگرتنەکەدا پێویستە باسی بکەیت کە ئەوانە چین و دەتەوێ چی ڕاستیەک بەوانە پێشان بدەیت.
- منداڵ لەگەڵ خۆتدا مەیەنە. ئەگەر بۆ کاتی گوێگرتنەکە پێویستت بە چاودێر هەیە بۆ منداڵەکەت، لە کاتێکی زوودا کارمەندی ناوەندی پێشوازییەکە ئاگادار بکەرەوە.
- زوو لە شوێنەکەدا ئامادە بە. بۆ ڕێگەی گەشتەکەت بەگوێرەی پێویست کات تەرخان بکە. لەلایەن ناوەندی پێشوازییەوە ڕێنماییت پێ دەدرێت کە چۆن بچیت بۆ فەرمانگەی کۆچ.

## لە ڕۆژی گوێگرتنەکەدا بەم شێوەیە لە فەرمانگەی کۆچدا مامەڵە بکە

- ناتوانیت بەبێ هۆیەکی پاساودراو گوێگرتنەکە دوابخەیت. ئەگەر لە ڕۆژی گوێگرتنەکەدا نەخۆش کەوتیت، دەسبەجێ کارمەندی ناوەندی پێشوازییەکەت ئاگاداربکەرەوە. پێویستە لەسەرت ئەوپەڕی ١ هەفتە لە دوای ڕۆژی گوێگرتنەکە ڕاپۆرتی پەرستاری نەخۆشی یان دکتۆری ناوەندی پێشوازی سەبارەت بە نەخۆشکەوتنەکەت بگەیەنیتە فەرمانگەی کۆچ. ئەگەر بەبێ هۆیەکی پاساودراو نەهاتیت بۆ گوێگرتنەکە، دەتوانرێت بڕیار لەسەر داواکە بدرێت بەبێ گوێگرتن.
- کاتێک کە دێیتە ناو فەرمانگەی کۆچەوە، بۆی هەیە پشکنینی ئەمنیت بۆ بکرێت.
- کارتی نەفەری ناوەندی پێشوازییەکەت پێشانی پاسەوانی فەرمانگەی کۆچ بدە.
- تەنها ئەو کەسانە دەتوانن بێن بۆ شوێنی چاوەڕوانکردنەکە کە بانگهێژی گوێگرتنەکە کراون لەگەڵ ئەوانەی کە پێشوەخت لەگەڵ فەرمانگەی کۆچدا ڕێککەوتوون.
- ئەگەر دەتەوێت کەسی یارمەتیدەر لەگەڵ خۆتدا بهێنیت، پێویستە لەسەر خۆت یان یارمەتیدەرەکەت پیشوەختە بە نووسراو پرسیار لە فەرمانگەی کۆچ بکەن. لە حاڵەتەکانی دیکەدا چاوپێکەوتنکار لە سەرەتای گوێگرتنەکەدا بڕیار دەدات کە ئایا ڕێگە دەدرێت کەسە یارمەتیدەرەکە لەگەڵت بێت یان نا. کەسی یارمەتیدەر پارێزەر نیە و لە ڕوونکردنەوەی بابەتەکاندا بەشداری ناکات.
- چاوپێکەوتنکار کارمەندی فەرمانگەی کۆچە. ئەو یان لە شوێنەکەدا ئامادەیە یانیش لە ڕێگەی پەیوەندیی ڤیدیۆییەوە بەشداری دەکات.
- دەنگەکانی گوێگرتنەکە تۆمار دەکرێن. هەروەها لە ژوورەکەدا کامێرای چاودێریش هەیە کە وێنەکان تۆمار دەکات.
- هەر کاتێک پێویست بکات لە کاتی گوێگرتنەکەدا دەتوانین پشوو وەربگرین. تۆش هەموو کاتێک دەتوانیت داوای پشوو بکەیت.

## له گوێگرتنەکەدا چی ڕوودەدات؟

- له دەسپێکدا چاوپێکەوتنکار باسی ئەوە دەکات کە لە گوێگرتنەکەدا چی دەکرێت و لەوە دڵنیا دەبێتەوە کە تۆ لە مافەکان و بەرپرسیاریەکانت تێگەیشتووی. ئەگەر شتێک تێنەگەیشتیت پرسیار بکە. ئەگەر لە وەرگێڕەکە تێنەگەیشتیت قسە بکە.
- چاوپێکەوتنکارەکە ئەم پرسیارانەی لای خوارەوت لێ دەکات:
  - زانیاریەکانی ناسنامەی کەسێتیت
  - زانیاری لەبارەی خێزانەکەت و خزم و کەسەکانتەوە
  - زانیاری لەبارەی مۆڵەتەکانی مانەوە (ئیقامە) و ڤیزا هەروەها داواکانی پەنابەری لە وڵاتانی دیکەدا
  - زانیاری لەبارەی مانەوەت لە ئەوروپا بەر لە هاتنت بۆ فینلەندا
  - ڕێگەی گەشتەکەت بۆ فینلەندا
  - ئەو هۆیانەی کە لەبەر ئەوانە نابێت تۆ بگەڕێندرێیتەوە بۆ وڵاتێکی دیکە
  - ئەگەر لە وڵاتێکی دیکەدا پاراستنی نێودەوڵەتیت وەرگرتووە ئەو هۆیانە چین کە لەبەر ئەوانە دەبێت داواکەت لە فینلەندا تاوتوێ بکرێت
  - هەڵوێستت چی دەبێت بەرامبەر بڕیاری لە وڵات دەرکردن و قەدەغەکردنی هاتنەوت بۆ وڵاتەکە.
- ڕاستگۆیانە وەڵامی پرسیارەکان بدەرەوە. لە خۆتەوە وەڵام مەدۆزەوە. ئەگەر شتیک نازانیت یان لەبیرت نیە، قسە بکە.
- فەرمانگەی کۆچ دەتوانێت لە گوێگرتنەکەدا پرسیاری ئەو ڕوونکردنەوانەت لێ بکات کە دەکرێت کاریگەرییان هەبێت بۆ سەر چارەسەرکردنی کەیسەکەت. بۆ نموونە، ئەگەر لە فینلەندا گومانی تاوانکاریت لەسەر هەبێت یان لە فینلەندا بەهۆی تاوانەوە حوکم درابیت، بۆی هەیە کاریگەریی هەبێت بۆ سەر تاوتوێکردنی کەیسەکەت لە فەرمانگەی کۆچدا. ئەگەر پێویست بکات فەرمانگەی کۆچ لە کاتی گوێگرتنەکەدا دەرفەتی ئەوەت دەداتێ کە ڕاو بۆچوونی خۆت لەو بارەیەوە بڵێیت.
- چاوپێکەوتنکار هەموو ئەو بابەتانەی لە چاوپێکەوتنەکەدا قسەیان لەسەر دەکرێت لە کۆنووس دا دەنووسێت.  بەپێی ناوەڕۆکی چاوپێکەوتنەکە، کۆنووسەکە بەسەرداچوونەوەی بۆ ناکرێت، کۆنووسەکە لەگەڵ خۆت بەسەرداچوونەوەی بۆ دەکرێت یان کاتێکی دیاریکراوت پێ دەدرێت کە تا ئەو کاتە دەتوانیت زیادکردن یان ڕاستکردنەوە لەسەر کۆنووسەکە پێشکەش بکەیت. چاوپێکەوتنکارەکە پێت دەڵێت کە لەسەر بابەتی کۆنووسەکە چ دەکەن.

## له دوای گوێگرتنەکە چی ڕوودەدات؟

- لە ڕێسای دبلندا چەندین هۆی جیاواز دیاریکراون کە لەسەر بنەمای ئەوانە وڵاتێکی دیاریکراو بەرپرسیار دەبێت لە تاوتوێکردنی داواکەت. ئەو هۆیانەش ئەمانەن: ١) ئەندامانی خێزان لە وڵاتانی دبلندا ٢) ڤیزا یان مۆڵەتی مانەوە لە وڵاتانی دبلندا ٣) مانەوە یان پیا تێپەڕین لە وڵاتانی دبلندا ٤) داوای پەنابەریی پێشوو. فەرمانگەی کۆچ بە پێی ئەو ئەولەویاتانەی کە لە ڕێسای دبلندا دیاری کراون پشکنین بۆ هەموو ئەم هۆیانە دەکات.
- ئەگەر دەتەوێ دواتر ڕوونکردنەوەی زیاتر بنێریت، ئەوە بە نووسراو بکە. لە تەلەفۆندا قسە لەسەر بابەتەکە ناکەین، چونکە ناتوانین لە ناسنامەی ئەو کەسەی تەلەفۆنەکەی کردووە دڵنیابین.
- بڕیاردان لە بابەتەکەت لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی کە لە گوێگرتنەکەدا داوتن لەگەڵ ئەو مادانەی کە لە بابەتەکەتدا خراونەتە ڕوو دەبێت. هەروەها فەرمانگەی کۆچ دەتوانێت لە سەرچاوە گشتیەکانەوە بەدوای ئەو زانیاریانە بگەڕێت کە بۆ بڕیارەکە گرینگن.
- ئەگەر بڕیاری گەڕاندنەوەت بدرێت بۆ وڵاتێکی دیکە، بۆت هەیە لە دادگادا تانە لە بڕیارەکە بدەیت. هەروەها دەتوانیت داوا لە دادگا بکەیت کە ڕێگەت پێ بدرێت هەتا ئەو کاتەی کە دادگا تانەکەت تاوتوێ دەکات لە فینلەندا بمێنیتەوە.
- ئەگەر لە فینلەندا لێکۆڵینەوە لە داواکەت نەکرێت، دەتوانرێت بگەڕێندرێیتەوە و بڕیاری قەدەغەکردنی هاتنەوەت بۆ وڵات بدرێت کە فینلەندا دەگرێتەوە.

- ئەگەر لێکۆڵینەوە لە داواکەت نەکرێت یان خۆت داوای پەنابەرییەکەت بکشێنیتەوە، مافی ئەوەت هەیە داوای یارمەتی بکەیت بۆ گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە. بۆ پێدانی ئەو یارمەتییە چەند مەرجێکی دیاریکراو هەیە و کاتێک کە داوای یارمەتیەکە پێشکەش دەکەیت پشکنین بۆ ئەو مەرجانە دەکرێت. پرسیاری ڕێنمایی لە ناوەندی پێشوازییەکەی خۆت بکە یانیش لە پەیجی ئینتەرنێتی پرسگەی خزمەتەکانی فەرمانگەی کۆچ تەماشای زانیاریی زیاتر بکە لە migri.fi/paluu.